# خۆر بەڵگەیەکە لەبەڵگەکانی خوای گەورە
# گەورەیی و ژێرباری و سود و چارەنوسەکەی

✍م:عبدالغفور عبدالله

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله رب العالمين والصلاة والسـلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعـين ومن تبعهم باحسان الى يوم الدين، وبعد:

بەڵگەکانی خوای گەورە لە دروست کراوەکانیدا زۆر و لەژمارە نەهاتوون، جا ئەو بەڵگانە لە ئاسمانەکاندا بێت وەك ئەستێرە و بورجەکان، یا لە سەر زەوی بن وەك ڕووەك و ئاژەڵ و دەریا و چیاکان، یاخود لە دروست کردنی ئادەمیزاد و ئەندامەکانی لاشەی و بەیەکەوە بەستنیان بە شێوەیەکی وورد وڕێك، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وفي الْأرضِ آيات للْموقِنين وفي أنفُسِكُم أفَلَا تبصِرونَ وفي السماء رزقُكُم وما توعدونَ فَورب السماء والْأرضِ إنه لَحق مثْلَ ما أنكُم تنطِقُونَ﴾ [الذاريات: ٢٠ ـ ٢٣] .

واتە: (لە زەویدا بەڵگەی زۆر هەن بۆ ئەوانەی کە بەشوێن دڵنیایدا دەگەڕێن، وە لە خودی خۆشتاندا ئایا نایان بینن؟ وە ڕزق و ڕۆزیتان لە ئاسمانە و ئەوانەش کە بەڵێنتان پێدراوە، سوێند بە پەروەردگاری ئاسمان و زەوی ئەو بەڵێنانە حەقیقەت و ڕاستەقینەن هەروەك چۆن ئێوە قسە دەکەن) .

یەکێك لەو بەڵگانەی کە گەورەیی خوای گەورە ڕوونتر دەکاتەوە، ئەو خۆرەیە کە هەموو ڕۆژێك بە بەرچاومانەوە هەڵدێت و ئاوا دەبێت، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ وهو الذِي خلَق الليلَ والنهار والشمس والْقمر كُل فِي فَلَكٍ يسبحونَ﴾ [الأنبياء: ٣٣] .

واتە: هەر خوای گەورە شەو و ڕۆژی بەدی هێناوە و خۆر و مانگیشی دروست

کردووه، که هەریەکەیان لە خولگەیەکدا دەسوڕێنەوە .

## قورئان گەورەیی خۆر دەردەخات:

خوای گەورە ئەندازەی خۆری داناوە و سورەتێکیشی بەو ناوەوە ناو ناوە، وە (٣٢) جار لە قورئاندا ناوی هێناوە، بۆیە لەبەر ئەو گەورەیی‌یەی چەند قەومێك پەرستویانە جگە لە خوای گەورە، هەروەك (هدهد) دەربارەی (بەلقیس) و قەومەکەی بە پێغەمبەر سلێمان (ﷺ) دەلێت: ﴿إِنِّي وَجَدتُّ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِن كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ ۞ وَجَدتُّهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِن دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ﴾ [النمل: ٢٣ ـ ٢٤] .

واتە: (من بۆم دەرکەوت کە ئافرەتێك فەرمان ڕەواییان دەکات و لەهەموو جۆرە دەسەلات و نازونیعمەتێکی پێ بەخشراوە، تەختێکی پاشایی گەورەی هەیە، بینیم خۆی وقەومەکەی سوجدە بۆ خۆر دەبەن لە جیاتی خوا، شەیتان کردەوەکانیانی بۆ ڕازاندونەتەوە، بەو هۆیەوە ڕێگای ڕاستی لێ گرتوون و هیدایەت وەرناگرن) .

بۆیە خوای پەروەردگار لەقورئانی پیرۆزدا ڕوونی کردۆتەوە کەهەرچەندە خۆر خاوەنی گەورەیی و سود بێت و ژێربار بێت بۆ ئادەمیزاد، نابێت بپەرسترێت و عیبادەتی بۆ بکرێت، بەڵکو دروستکار و خاوەنەکەی شایستەی پەرستنە، وەك دەفەرموێت:

﴿وَمِنْ آيَاتِهِ اللَّيْلُ وَالنَّهَارُ وَالشَّمْسُ وَالْقَمَرُ لَا تَسْجُدُوا لِلشَّمْسِ وَلَا لِلْقَمَرِ وَاسْجُدُوا لِلَّهِ الَّذِي خَلَقَهُنَّ إِن كُنتُمْ إِيَّاهُ تَعْبُدُونَ﴾ [فصلت: ٣٧] .

واتە: (لە نیشانە و دەسەلاتی پەروەردگار شەوو ڕۆژو خۆرومانگە، هەرگیز نەکەن سوجدە بۆخۆر یان مانگ ببەن، بەڵکو سوجدە بۆئەو خوایە ببەن کەدروستی کردوون، ئەگەر ئێوە خۆتان بە بەندەی ڕاستەقینەی ئەو دەزانن و هەر بەتەنها ئەودەپەرستن )، وە لەسوننەتدا هاتووە کەهاوبەش پەیداکەرەکان سوجدەیان بۆ خۆر دەبرد، بۆیە نەهی کراوە کە بڕوادار نوێژ بکات لەکاتی هەڵهاتنیدا تاڕمێك بەرز دەبێتەوە، وەکاتێك کە لەناوەڕاستی ئاسمان دایەو ئەو کاتەش کە ئاوادەبێت.

وە یەکێکە لەو بەڵگە گەورانەی کە إبراهیم (ﷺ) گفتوگۆکەی لەگەڵ نەمرود

کۆتایی پێ هێنا، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قَالَ إِبراهِيم فَإِن اللّه يأْتي بِالشمسِ مِن الْمشرِق فَأْتِ بِها مِن الْمغرِبِ فَبهت الـذِي كَفَر ﴾ [البقرة: ٢٥٨] .

واتە: ( ئیبراهیم (ﷺ) فەرمووی: بەڕاستی خوای گەورە خۆر لەخۆرهەڵاتەوە دەهێنێت جائەگەر تۆدەتوانی لەخۆرئاواوە بیهێنە، ئەو بێ باوەڕە دەمکوت کراو وەڵامی نەما)، وە لەبەرامبەر قەومەکەیدا فەرموی:

﴿ فَلَما رأَى الشمس بازِغَةً قَالَ هـذَا ربي هـذَا أَكْبر فَلَما أَفَلَت قَالَ يا قَومِ إِنـي بريءٌ مما تشرِكُونَ * إِني وجهت وجهِي لِلذِي فَطَر السماواتِ والأَرض حنِيفاً وما أَناْ مِن الْمشرِكِين﴾ [الأنعام: ٧٨ ـ ٧٩] .

واتە:(کاتێك ئیبراهیم خۆری بینی هەڵهات فەرمووی: ئەمە پەروەردگاری منە ئەمە گەورەیە، کاتێك ئاوابوو، فەرمووی: ئەی قەومەکەم بەڕاستی من بەریم لەوشتانەی ئێوە کردوتانن بەهاوەڵ وشەریك بۆخوای پەروەردگار، من ڕووی خۆم کردۆتە ئەوزاتەی کەئاسمان وزەوی دروست کردووەو ڕوو لەهیچ شتێکی تر ناکەم و هەرگیز لەڕیزی موشریکان نابم ).

## خۆر خوای گەورە دەپەرستێ:

لەگەڵ ئەو گەورەیی‌یەی کەخۆر هەیەتی و پێی ناسراوە، لەهەمان کاتدا ملکەچی خوای گەورەیەو تەسبیحاتی دەکات و دەیپەرستێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێ:

﴿ وإِن من شيءٍ إِلا يسبح بِحمـدِهِ ﴾ [الإسراء: ٤٤] .

واتە: (هەر شتێك لەم بونەوەرەدا هەیە سوپاس وستایشی خوای گەورە دەکات)، وە سوجدە بۆ خوای پەروەردگار دەبات، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَلَم تر أَن اللَّه يسجد لَـه مـن فِـي السماواتِ ومن فِي الْأَرضِ والشمس والْقَمر والنجوم والْجِبالُ والشجر والدواب وكَـثِير من الناسِ وكَثِير حق علَيهِ الْعذَاب﴾ [الـحج: ١٨] .

واتە: ( ئایا نەتبینیوە کەهەرچی هەیە لەئاسمانەکان وزەویدا سوجدە بۆخوا دەبەن، هەروەها خۆرو مانگ وئەستێرەو چیاکان ودرەخت و ئاژەڵ و زۆرێك لەخەڵکی، وەزۆرێکیش شایستەی سزاو تۆڵەیە ).

وە پێغەمبەر (ﷺ) بە (أبـو ذر)ی فەرموو کاتێك خۆر ئاوا دەبێت: ئایا دەزانی بۆکوێ دەچێت؟ ووتم: خوا و

پێغەمبەر(ﷺ) زاناترن، فەرموی: دەڕوات تاسوجدە دەبات لەژێر عەرشدا)[1].

وە هەڵەیە تەئویل کردنی ئەم فەرمودەیەو حەقیقەتی سوجدە بردنی نەفی بکرێت بۆ خوای پەروەردگار، ابن العربي دەڵێت: (خەڵکێك دژایەتی سوجدەی خۆر دەکەن لە کاتێکدا شتێکی ڕاستە، وە تەئویلی دەکەن و دەڵێن: مەبەست ئەوەیە بەردەوام ژێربارە)[2].

وە (الخطابي) دەفەرموێت: (هیچ شتێك نییە لەوەدا (واتە سوجدە بردنی خۆر بۆخوای گەورە) تەنها بەڕاست دانان و تەسلیم بوون نەبێت) .

### ژێرباركردنی خۆر بۆ ئادەمیزاد:

یەكێك لەو ڕێز و پایانەی کە خوای گەورە لە ئادەمیزادی ناوە، ژێرباركردنی دروست کراوەکانێتی بۆی، یەکێ لەوانە خۆرە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وسخر لكم الليلَ والنهار والشمس والقمر والنجوم مسخرات بأمره﴾

[النحل: ١٢] .

واتە: ( هەروەها شەوو ڕۆژو خۆرو مانگی بۆئێوە ژێربار کردووە، ئەستێرەکانیش بەفەرمانی ئەو ژێربار کراون)، وە دەفەرموێت:

﴿ وسخر لكم الشمس والقمر دآئبين وسخر لكم الليلَ والنهار (٣٣) وآتاكم من كُل ما سألتموه وإن تعدوا نعمت اللّه لا تحصوها إن الإنسان لظلوم كفار﴾

[إبراهيم: ٣٣ ـ ٣٤] .

واتە: (خۆر ومانگی بۆئێوە ژێربار کردووەو بەردەوام لەچەرخ وخولدان، شەوو ڕۆژیشی بۆخزمەتی ئێوە ژێرباركردووە، وەهەرشتێکی داواتان کردبێت پێی بەخشیون، وەئەگەر نازونیعمەتەکانی خوا بژمێرن پێتان ناژمێردرێت، بەڕاستی ئینسان ستەمکارو خوانەناس وسپڵەیە)، بەڵێ والله ناتوانین نیعمەتەکانی خوای گەورە بژمێرین کەبەسەرمانەوە هەیە .

وە لەسودەکانی خۆر، زانینی کاتە بەهۆی جوڵەو هەڵهاتن وئاوابوونی، وەزانینی کاتەکانی نوێژ بەهۆی سێبەرەوە کەخۆر هۆکارە بۆی، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ ألم تر إلى ربك كيف مد الظل ولو شاء لجعله ساكناً ثم جعلنا الشمس عليه دليلاً ﴾ [الفرقان: ٤٥] .

---

(١) صحيح البخاري رقم : (٣١٩٩) وصحيح مسلم رقم : (١٥٩) .

(٢) تفسير ابن كثير : (٣ / ٩١٠) .

واتە: ئایا نابینیت چۆن پەروەردگارت سێبەر درێژ دەکاتەوە، ئەگەر بیویستایە جێگیری دەکرد، پاشان خۆریشمان کردوە بە بەڵگە و نیشانە لەسەر سێبەر، وە ڕوناکی پەخش دەکات و تاریکی لادەبات و لەگەڵ دەرکەوتنیدا زیندەوەران بڵاو دەبنەوە و بەدوای ڕزق وکەسابەتیان دەکەون، کە ئاواش بوو و تاریکی بڵاوبووەوە، زیندەوەران پشوو دەدەن بۆ خۆئامادەکردن بۆ ڕۆژێکی نوێ، ئەمەیە بەخششی خوای گەورە، چونکە ئەگەر بۆ هەمیشە ئاوا نەبوایە چۆن زیندەوەران ئارامیان دەگرت و چۆن دەخەوتن؟! وە ئەگەر بۆ هەمیشە هەڵنەهاتبایە، چۆن ئیش و کار و کەسابەتیان دەکرد؟! بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿ قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ اللَّيْلَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِضِيَاءٍ أَفَلَا تَسْمَعُونَ ۞ قُلْ أَرَأَيْتُمْ إِن جَعَلَ اللَّهُ عَلَيْكُمُ النَّهَارَ سَرْمَدًا إِلَىٰ يَوْمِ الْقِيَامَةِ مَنْ إِلَٰهٌ غَيْرُ اللَّهِ يَأْتِيكُم بِلَيْلٍ تَسْكُنُونَ فِيهِ أَفَلَا تُبْصِرُونَ ۞ وَمِن رَّحْمَتِهِ جَعَلَ لَكُمُ اللَّيْلَ وَالنَّهَارَ لِتَسْكُنُوا فِيهِ وَلِتَبْتَغُوا مِن فَضْلِهِ وَلَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ﴾ [القصص: ٧١ ـ ٧٣] .

واتە: (ئەی محمد (ﷺ) بڵێ: ئەگەر خوا شەوگار بکات بەهەمیشەیی تاڕۆژی قیامەت و هەر ڕۆژ نەبێتەوە، ئایا هیچ خوایەکی تر هەیە جگە لە الله بتوانێت ڕوناکیتان بۆ بنێرێت؟ ئایا ئێوە ئەم ڕاستیانە نابیستن؟ وەبڵێ ئەگەر ڕۆژگاری لەسەر کردبان بەهەمیشەیی تاڕۆژی قیامەت، چ خوایەك هەیە جگە لە الله کەشەوگارتان بۆبهێنێت تائارامی تێدا بگرن؟ ئایا ئێوە سەرنجی ئەم دیاردانە نادەن ونابینن؟ جاڕەحمەت ومیهرەبانی خوای گەورە ئەوەیە، کە شەوو ڕۆژی کردوە بەهۆی ئارامی و حەوانەوەو کارو کاسبی کردن و گەیشتن بەبەخششەکانی، بەڵکو سوپاس گوزارو شوکرانە بژێربن).

وەڕێڕەوی ڕۆیشتنی ودوری لەزەوی، بەڵگەیەکی ترە لەبەڵگەکان وبەخششێکە لەبەخششەکانی تر، کەڕێڕەوەکەی بەشێوەیەکی وایە کەڕۆژێك لەڕۆژان لێی لاناداو تێك ناچێت ودواناکەوێت لەهەڵهاتن وئاوابونی، وەدوریەکەشی بەشێوەیەکە کەزانایانی گەردوون دەڵێن: (ئەگەر هاتباو یەك میل دورتر بوایە ئەوا زەوی دەبوە پارچەیەك سەهۆڵ، وە ئەگەر بەو ئەندازەیە نزیکتر بوایە زەوی دەبوو بەتۆپەڵێك ئاگر)، بۆیە خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالشَّمْسُ تَجْرِي لِمُسْتَقَرٍّ لَّهَا ذَٰلِكَ تَقْدِيرُ الْعَزِيزِ الْعَلِيمِ ۞ وَالْقَمَرَ قَدَّرْنَاهُ مَنَازِلَ

حتى عاد كالعرجون القديم ۞ لا الشمس ينبغي لها أن تدرك القمر ولا الليل سابق النهار وكل في فلك يسبحون﴾

[يس: ٣٨ ـ ٤٠] .

واتە: خۆر بەدەوری چەقی خۆیدا دەسوڕێتەوە، بێگومان ئەوە توانای زاتێکی بالادەست وزانا دەردەخات، هەروەها کات وشوێنی هەڵهاتنی مانگیشمان دیاری کردووە، هەتا سەرئەنجام هەموو مانگێك وەك چیلکەیەکی وشکی باریکی لێ دێت، نەخۆر بۆی هەیە بەمانگ بگات، نەشەویش پێش ڕۆژ دەکەوێت، بەڵکو هەریەکەیان لەخولگەی تایبەتی خۆیاندا مەلەدەکەن و دەسوڕێنەوە .

وە نیشانەیەکی تری خۆر ئەوەیە کە کۆمەڵێك شوێنی هەڵهاتن و ئاوابوونی هەیە (مشارق ومغارب) بە پێی وەرزەکان گۆڕانکاری بە سەر دێت، وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فلا أقسم برب المشارق والمغارب إنا لقادرون ۞ على أن نبدل خيراً منهم وما نحن بمسبوقين﴾ [المعارج: ٤٠ ـ ٤١] .

واتە: سوێند بەپەروەردگاری خۆرهەڵاتەکان وخۆرئاواکان، بەڕاستی ئێمە هەمیشە بەدەسەڵاتین ئەمانە لەناوبەرین و کەسانی چاکتر بهێنینە کایەوە، ئێمە بۆ ئەو مەبەستە بێ توانا نین .

## پەیوەندی خۆر بە ڕۆژی دوایەوە (اليوم الآخر ):

خۆر چەند پەیوەندییەکی پتەوی بە ڕۆژی دواییەوە هەیە، بۆیە هەڵوێستەکانی لەو ڕۆژەدا زۆرن، لەوانە:

### هەڵوێستی یەکەم:

خۆر بەڵگەو نیشانەیەکی گەردونی ئاشکرایە وهەموو کەسێك دەیبینێت، کاتێك گرفت دەکەوێتە ئەویاسایەی لەسەریەتی، کە نیشانەی داخستنی دەرگای تەوبەیە، وە گەڕانەوەو هەڵهاتنی لەڕۆژئاواوە نیشانەیەکە لەسەر هاتنی ڕۆژی دوایی، هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((لا تنقطع الهجرة حتى تنقطع التوبة، ولا تنقطع التوبة حتى تطلع الشمس من مغربها))(٣) .

واتە: ( هیجرەت کۆتایی نایات هەتا تەوبە کۆتایی نەیات، وەتەوبەش کۆتایی نایات هەتا خۆر لەخۆرئاواوە هەڵنەیات)، وە لە فەرمودەیەکی تردا دەفەرموێت:

((لا تقوم الساعة حتى تطلع الشمس من مغربها، فإذا طلعت من مغربها ورآها الناس

(٣) صحيح الجامع الصغير رقم : (٧٤٦٩).

آمنوا جميعاً فذلك حين لا ينفع نفساً إيـمانها لـم تكن آمنت من قبل))[٤].

واتە: قیامەت نایات تاخۆر لەخۆرئاوا هەڵنەیات، ئەگەر لە خۆرئاوا هەڵهات و خەڵکی بینیان هەمویان ئیمان دەهێنن، وە لەو کاتەشدا ئیمان هێنان هیچ سودێك ناگەیەنێت مادام لە پێشدا ئیمانیان نەهێناوە .

**هەڵوێستی دووەم:** چارەنوسی خۆر دوای کۆتایی هاتنی دنیا، کاتێکە کەلەگەڵ مانگ دەپێچرێنەوەو دەخرێنە دۆزەخەوە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِذَا الشمس كُورت ﴾ [التكوير: ١] .

واتە: (کاتێك خۆر دەپێچرێتەوە و ڕوناکی نامێنێت)، وەدەفەرموێ:

﴿فَإِذَا برق الْبصر ۞ وخسف الْقَمر ۞ وجمِع الشمس والْقَمر﴾ [القمر: ٧ ـ ٩] .

واتە: (کاتێك چاو ئەبڵەق دەبێت و مانگیش دەگیرێت وتاریك دەبێت و خۆرو مانگ کۆدەکرێنەوەو دەدرێن بەیەکدا ) .

وەپێغەمبەر(ﷺ)دەفەرموێت:

((الشمس والقمر مكوران يوم القيامة))[٥].

واتە: ( خۆرو مانگ دەپێچرێنەوە لەڕۆژی قیامەتدا)، وە لەڕیوایەتێکی تردا دەفەرموێت:

((الشمس والقمر نوران يكوران في النار يوم القيامة))[٦].

واتە: خۆرو مانگ دوو ڕوناکین دەپێچرێنەوە و دەخرێنە دۆزەخەوە لەڕۆژی قیامەتدا .

وە حیکمەت لەوەدا ئەوەیە کە وتراوە: (لەبەر ئەوەی خۆر و مانگ لە ئاگر دروست کراون بۆیە دەگێردرێنەوە بۆ ئەوێ)[٧].

وە وتراوە: (بۆئەوەی ئەوانەی پەرستویانن بیان بینن و لە گەڵیاندا بن لە ئاگردا، ئەمەش نزیکە لەو ئایەتەی خوای پەروەدگار کە دەفەرموێت:

﴿إِنكُم وما تعبدونَ مِن دونِ اللهِ حصب جهنم أَنتم لَها وارِدونَ ۞ لَو كَانَ هؤلَاء آلِهةً ما وردوها وكُل فِيها خالِدونَ﴾ [الأنبياء: ٩٨ ـ ٩٩] .

واتە: ( بێگومان ئێوەو ئەوشتانەی جگە لەخوا دەتان پەرستن سوتەمەنی دۆزەخن و دەبێت هەربچنە ناوی‌و هەمیشە تێیدابن، ئەوانەی ئێوە دەتان پەرستن ئەگەر خوا بوونایە ئاوا نەدەخرانە ناودۆزەخەوە بێگومان هەمویان لەدۆزەخدا بۆهەمیشە دەمێننەوە )، وە لەفەرمودەی ئەنەس دا

(٤) صحيح البخاري رقم : (٦٥٠٦) .

(٥) صحيح البخاري رقم : (٣٢٠٠) .

(٦) سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (١٢٤) .

(٧) فتح الباري : (٦ / ٣٤٦) .

هاتووه: ((ليراهما من عبدهما)) الـ ـخطابي دەفـــەرموێت: (مەبەســـت لەخرانـــە ئاگریانـــەوە ســـزادانیان نیـیـە، بـەڵکو بۆئەوەیە تائەوانەی کەپەرستویانن بـزانن کەعیبادەت بۆکردنیان بەتاڵە).

**هەڵوێســـتی ســـێیەم:** لەســـاحەی کۆبونـەوەدا (محشـ ـر) کـەخۆر نزیـک دەبێتەوە لەسەر خەڵکی بەقەدەر میلێـك، وەك پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت:

((تدنو الشمس يوم القيامة مـن الخلـق حتى تكون منهم كمقدار ميل، فيكون الناس على قدر أعمالهم في العرق فمنهم من يكون إلى كعبيه، ومنهم من يكـون إلى ركبتيـه، ومنهم من يكون إلى حقويه، ومنـهم مـن يلجمه العرق إلجاماً، وأشار النبي ﷺ بيـده الى فيه))(٨).

واتـە: خـۆر نزیـك دەبێتـەوە لـەڕۆژی قیامەتـدا لەخـەڵکی بەئەنـدازەی میلێـك، وەخـەڵکیش بەئەنـدازەی کردەوەکانیـان لەعەرەقـدا دەبـن، هەیانـە تـا قولـە پێیـــەکانی، وەهەیانـــە تائـــەژنۆکانی، وەهەیانە تا پشـتێنی، وەهەیانـە تـادەمی لەعەرەقدایە، پێغەمبـەر (ﷺ) بەدەسـتی ئاماژەی بۆدەمی کرد .

بەڵێ خوێنـەری بـەڕێز ئەمـەبوو حـاڵی خـــۆرو گـــەرمی و ناڕەحەتیـــەکانی لەقیامەتـدا، کـەهیچ شـتێك لـەو ڕۆژەدا فریامان ناکەوێت تەنها ئیمان و کردەوەی چاك ودەست گرتن بەو هۆکارانەوە نەبێت کە عەبدەکان دەخەنە ژێر سێبەری خوای پەروەردگار، کەهیچ سێبەرێك نیـیە جگـە لەسایەوســێبەری خــوای پـــەروەردگار، وەهــاوار بۆئــەو کەســانەی کەلــەدونیادا لەنیعمەت وبەختەوەری دان وەلەقیامەتدا خەسارەت مەندن و لە سزا و ئازاردان .

وَآخِرُ دَعْوَانَا أَنِ الْحَمْدُ للهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ

(٨) صحيح مسلم رقم : (٢٨٦٤) .